ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

5

10 ی شوبات / فێبریوەری 2021



## دەسەڵاتی میلیشیا و ئاسایشی خەڵک!

| موحسن کەریم

لەسلێمانی لەماوەی هەفتەیەکدا دوو ڕووداوی تەقەکردن و پەلاماری چەکداری ڕوویاندا لەلایەن چەکدارانی دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیەوە کە یەکەمیان تەقەکردن وبریندارکردنی لە ئەفسەرێکی پۆلیس و ئەوی دیکەیان پەلاماردانی بازگەی ئاسایشی تاسلوجە و کوشتنی کارمەندێکی ئاسایش و بریندارکردنی چەند کەسی دیکە بوو. لە هەولێریش بەهەمانشێوە کەسێک لەسەر فول لایت دەکوژرێ و کۆمەڵێکی دیکە لەبەرئەوەی سەرووپێ نەماوە، تەقە لە چێشتخانەیەک دەکەن و .. یان گروپێک کە سەر بە بەرپرسێکی حزبن کچێک لاقە دەکەن و هەڕەشەی کوشتنیش لەباوکی دەکەن و ...تاد. ئەگەر ئەمانە بخەینە پاڵ دەیان ڕوداوی دیکەی کوشتن و ڕفاندن و زیندانیکردن، یاخود لیستی درێژی کوشتنی ژنان و ناچارکردنیان بە خۆ کوشتن کە هەموویان یان ڕاستەوخۆ یان ڕاستەوخۆ ئەم دوو حزبەو بەرپرسانی ئەو دوو حزبەی لەپشتەوەیە، لەگەڵ ئەو ئاسانکاریەی ئەم دوو حزبە دەسەڵاتدارەی کوردستان لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا بۆ هێزەکان و دەزگا جاسوسی و تیرۆریستەکانی هەردوو دەوڵەتی فاشیست و دژەمرۆیی تورکیا و ئێران کردویانە، هەموویان پێکەوە دیمەنێکی ترسناک لە بارودۆخی ئارامی و ئاسایشی هاوڵاتیانی کوردستان نیشان دەدەن.

هۆکاری بنەڕەتی ئەم دۆخە دەسەڵاتی میلیشیایە، کە هەر حزبێک کۆمەڵێک بەرپرسی سەربازی و

بۆ لاپەڕە 2

گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف سەبارەت بە :

## بارودۆخی حکومەتی هەرێم و پێگەی لە ئاستی ناوچەکەدا



ئۆکتۆبەر: حکومەتی ناوەندی ماوەیەکە باس لە کۆنترۆڵکردنەوەی دەروازە سنوریەکان دەکات و کازمی (٥) مانگ لەمەوبەر ڕایگەیاند بەمنزیکانە ئەوکارە دەکەن. ئێستاش باسی بەکارهێنانی هێز دەکرێ بۆ ئەو مەبەستە. ئایا لەئەگەری ڕێکنەکەوتنی هەرێم و بەغدا ئەگەری ئەوە هەیە حکومەتی ناوەندی بەهێز ئەو دەروازانە کۆنترۆڵ بکات؟ ئەگەر ئەمکارە بکرێ پەیوەندی نێوان بەغدا و هەرێم بەکوێ دەگات؟

عوسمانی حاجی مارف: حەقدە ساڵە بەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، دەورانێکی سەخت و نالەبار لە شەڕو ململانێی نێوان هێزە میلیشیاکانی ئیسلامی

بۆ لاپەڕە 3

گفتوگۆ لەگەڵ هەڵسوڕاوان

## ١٧ی شوبات، جوڵانەوەی جەماوەری شارەکانی کوردستان، ساڵی ٢٠١١

## زەمینەکانی هاتنەیدانی خەڵکی ناڕازی و هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی!

بۆ لاپەڕە 5

گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە، سەبارەت بە:

## دانوسانی نێوان هەرێم و بەغدا



ئۆکتۆبەر: چەندینجار وەفدی حکومەتی هەرێم سەردانی بەغدایان کردووە لەگەڵ حکومەتی ناوەند دا کۆبونەتەوە دەربارەی پرسی بودجەی هەرێم و مەلەفی نەوت قسەوباس کراوە، بەڵام تائێستا بەهیچ ئاکامێک نەگەیشتوون. هۆکاری ئەم بنبەستەی گفتوگۆی نێوان هەرێم وبەغدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

خەسرەو سایە: سەرەتا ئەوەبڵێم کە ئەم هاتوچوونەی وەفدی هەرێم بۆ بەغدا و ئەو هەموو کۆبوونەوانەی کە کراون، نیشانەی یاریەکی سیاسی حەقیرانەیە کە هەردووولا بە هەستونەستی خەڵکەوە دەیکەن تا لەچاوەڕوانیدا ڕایانبگرن. بێگومان هۆکاری پشتی ئەم یاریە سیاسیەی هەردوولاش، قەیرانێکی ئابوری و سیاسیە کە یەخەی بە هەردوو دەسەڵات وحکومەت چ لە بەغدا چ لە هەولێر

بۆ لاپەڕە 13

## دریژەی .. دەسەڵاتی میلیشیا و ئاسایشی خەڵک!

چەکداری لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوەو سەرچاوەی هێزو توانای خۆی لەناو گۆڕەپانی سیاسی و سیستەمی حوکمڕانی ئێستای کوردستاندا تێدادەبینێتەوە. بایەخی چەک و هێزی چەکدارو فەرماندەو بەرپرسی سەربازی یان سیاسی کە کۆمەڵێک چەکداریان بە شوێنەوەیە، لەم چوارچێوەیەدا مانا پەیدا دەکات. لەم سیستەمدا ئیتر مەسەلەی سەروەربوونی یاسا کە خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن، دەبێتە قسەی پووچ و بێناوەرۆک. بەرپرسانی حزبی چەکدار و دەسەڵاتدار خۆیان لەسەروو یاساکانی خۆشیانەوەن. دادگا و سیستەمی دادوەری تەنها بوونێکی کارتۆنی هەیە کە بەپێی پێویست پارێزگاری لە دەسەڵاتە میلیشاییەکەی ئەوان دەکات.

لەسایەی دەسەڵاتی میلیشیادا تەنانەت یاسا لەبەرامبەر کێشە کۆمەڵایەتیەکانیشدا دەستەوەستان و سەرەنجام یان هێزی عەشائیری یان سولح عەشایری کیشەکە یەکلایی دەکاتەوە. هاوڵاتی ئاسایی کوردستان هیچ پۆششێکی یاسایی نیەو هەمیشە لەبەردەم مەترسی پێشێلکردنی مافە شەخسیەکان و بگرە شکاندنی شکۆو کەسایەتیشیدایە نەک هەر لەلایەن حزبە دەسەڵاتدارەکان و بەرپرسەکان و دامودەزگا سەرکوتگەرەکانیان، بەڵکو لەلایەن عەشیرەت و بنەماڵە دەستڕۆیشتوەکانیشەوە.

گومان لەوەدا نیە کە دەسەڵاتی بۆرژوازی لە هەر فۆرمێکدا بێت، سەرکوتگەرو مایەی ستەم و بێمافیە دژبە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و هاوڵاتیانی کەمدەرامەت. گومان لەوەدا نیە کە لە دەسەڵاتێکی مۆدێرنی بۆرژوایشدا، دەسەڵاتی پارە دەسەڵاتی یاسایی و کۆمەڵایەتی هەیەو حوکم دەکات، بەڵام بەروارد ناکرێ بە دەسەڵاتێکی میلیشیایی و ئەحزابی چەکداری بۆرژوازی کە مەترسیەکانی بۆسەر کۆمەڵگاو بۆ سەر ئارامی و ئاسایش و سەلامەتی و شکۆی هاوڵاتیان و خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش هیچ سنورێکی نیە. تەنانەت لە دەسەڵاتێکی سەرکوتگەری بۆرژوازیدا یاسایەک هەیە کە بەپێی ئەو یاسایە تاوانەکانی خۆیان پاکانە دەکەن، بەڵام دەسەڵاتی میلیشایی ئەم پاکانەو پاساوەشی ناوێ!

هەروەکو چۆن دابینبوونی نان و ئازادی بەندە بە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی ملیشیایی کوردستانەوە و ئەزمونی ژیان و تێکۆشانی چەندین ساڵەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و مامۆستا و کارمەند و سەرجەم توێژە بێبەشکراو هەژارکراوەکانی کوردستان سەلماندویەتی، بەهەمانشێوە، دابینبوونی ئارامی و ئاسایش و بگرە دەسەڵاتی یاساش، نەک تەنانەت یاسایەکی ئینسانی، بەندە بە کۆتاییهاتنی ئەم دەسەڵاتە میلیشاییەوە. ئەمەش لەوڕێگایەوە دەبێت کە خەڵک خۆیان بەهەمانشێوەی بەرگری و تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و دابینکردنی ژیان و گوزەرانیان، بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئارامی خۆیان تێبکۆشن. ئەمەش لەو ڕێگایەوە دەبێت کە خەڵک لە خوارەوە خۆیان سازو ڕێکخراو بکەن. لەخوارەوە خۆیان بنەماکان و ئۆرگانەکانی دەسەڵاتداریێتی جەماوەری دابمەزارێنن. هەنگاو بەهەنگاو دامەزراوەکانی خزمەتگوزاری گشتی بگرنە دەستی خۆیان و لەلایەن کەسانی دڵسۆزەوە بەڕێوەببرێت کە لە شورا و ئەنجومەنە شۆڕشگێرەکاندا خۆیان ڕێکخستوەو کاروباری شوینەکانی خۆیان و شارو شارۆچکەکان بەڕێوەدەبەن. هاوکات هەر ئەو شورا و ئەنجومەنە شۆڕشگێرانە پاراستنی ئاسایش و ئارامی هاوڵاتیان لە ئەستۆ دەگرن.

★

## کرێکاران! جەماوەری بەشمەینەت!

## دەسەڵات تەمەنی خۆی کردووە و ئیتر نورەی دەسەڵاتداریێتی خەڵکە!

**حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی وەکو ئەوەی نوێنەری چینی سەرمایەدارن، ٣٠ ساڵە ئەزمونی سیستەم و دەسەڵاتێکیان کردووە کەسەراپا لەگەڵ ژیان و بژێوی و حورمەتی ئینسانی ئێوەدا ناکۆکە. ناکرێ لەوەزیاتر هەژاری و نەداری، بیکاری و ستەمەگەری و ئەو جیاکاریە چینایەتیە تەحەمول بکەین کەئەم حزبانە و حکومەت و سیستەمەکەیان بۆ قازانجی خۆیان و کەڵەکەی سەرمایەکانیان، بەسەر ژیانی ئێمەوە رایان گرتووە، بۆیە ئیتر کاتی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و حاکمیەتی ئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتیە، کاتی هێنانەمەیدانی ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە لەلایەن جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوان و خەڵکی نارازیەوە. کاتی خۆڕێکخراوکردنە لە شوراکان و ئەنجومەنەکانی شاردا. کەوایە با لەشوینی کارو ژیاندا، لەگەڕەک و فەرمانگەو بەرێوەبەرایەتیەکاندا، دەستبخەینە نێودەستی یەک و لەدەوری یەکتر کۆببینەوە و نوێنەرانی خۆمان لەکەسانی دلسۆزو جەسور هەڵبژێرین و کۆنترۆڵی ناوەندەکانی کار و گەڕەکەکان لەدەست بگرین و لەم ڕیگایەشەوە بەردی بناغەی دەسەڵاتداریێتی جەماوەر دامەزرێنین!**

درێژەی .. گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف دەربارەی :

# بارودۆخی حکومەتی هەرێم و پێگەی لە ئاستی ناوچەکەدا

سیاسی و تائیفی و حزبەکانی کوردایەتیدا، سیناریۆیەکی تا بڵێی لێڵ و تاریک و ئاڵۆزیان بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی عێراقدا سەپاندوە، بەتایبەتی دەورانی هێرشەکان و داگیرکاری داعش کە تائێستا پاشماوەی کارەساتەکانی کارگەریان ماوە. لەمیانەی کێشمەکێش و پەیوەندی نێوان حیزبەکانی کوردایەتی لە کوردستان و حیزبە میلیشیا دەسەڵاتدارەکان لە ناوەندا چەندین گەمەی سیاسی و رێکەوتن و پرۆتۆکۆڵیان بۆ بەرژەوەندی یەکتر پێکەوە بەسەربردووە، کە تەنها بەشێک بووە لە شەراکەتیان بۆ جەردەیی و دزی و تاڵانی، لە هەمان کاتدا چەندین پیلانگێڕی و یاریکردن لە پێناو گۆڕینی هاوسەنگی هێزەکانیان ئەنجامداوە، لە دابەشکردنی بودجەوە تا بەتاڵانبردنی سەروەت و سامان و بازرگانی و قاچاخچێتی بە نەوتەوە.

٣٠سی ساڵە دانیشتوانی عێراق و کوردستان ناڵەبارترین و سەختترین هەلومەرجی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بەسەردەبەن، بەردەوام دەرگیری پەیوەندی نارێک و هاوسەنگی ناڵەباری نێوان ئەو هێزە میلیشیایانە بوون، کە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابوون نفوزی سیاسی خۆیان لە دەسەڵاتی سیاسی و ناوچەی دەسەڵاتیاندا زیاترو بەرفراوانتر بکەن، هەر لەم بارەیەوە لەتەواوی حەڤدە ساڵی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی عێراقدا چەندەها گەمەی سیاسی و یاریکردن بەچارەنوسی خەڵک و پیلانگێری، رەوتێکی بەردەوامی هێزە میلیشیاکانی کوردایەتی و عروبەو ئیسلامی سیاسی و شیعە بووە، هەمیشە هەلومەرجی سیاسی عێراقیان بەرەو نائەمنی و مەترسی زیاتر بردوە، بارگرژی و ئەگەری شەڕی نێوانیان مایەی دڵەڕاوکێی تەواوی ژیانی دانیشتوان بووە.

لەتەواوی ئەو حەڤدە ساڵەدا پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و عێراق نەک هیچ کات سەقامگیری و ئارامی بەخۆوە نەدیوە، بەڵکو هەمیشە نەگونجاوترین و خراپترین وێنایان لە پەیوەندی و دەسەڵاتی سیاسی نیشانداوین، لە ئێستاشدا پاش قەیرانێکی تەواو قوڵی ئابوری لە دۆخی عێراق و کوردستاندا، هەروەها دەوری هێزە میلیشیاکانی شیعەی عێراق کە لەناو حکومەتدا لە ئاستێکی دیاریکراودا بەخۆیاندا هاتونەتەوە، ئەویش لە پێکهێنانی حەشدی شەعبی و رێکخستنەوەی "هێزی سەربازی نیشتمانی"، لەهەمانکاتدا جۆرێک لە پتەوکردنی پەیوەندیان لەگەڵ تورکیاو ئێراندا، لە هەوڵی ئەوەدان لەبەرامبەر حکومەتی هەرێمدا بەتایبەتی پارتی و بارزانیدا، ئاڵوگۆڕێک لە پەیوەندیەکان و لە ئاستێکی تردا دروستکاتەوە، تا بەجۆرێک ملکەچ وپاشکۆیان بکات بە ئایندەو نەخشەی سیاسی و بەرژەوەندیەکانی هێزە شیعەکانی ناو حکومەتی عێراقەوە، کە هێنانەناوەوەی کێشە لە سەر کۆنترۆڵکردنەوەی سنورەکان بەشێکە لە بارگرژی ئەو بارودۆخەی کە دیارنیە ئاکامەکەی لە بەرژەوەندی کام لایەندا دەبێت.

ئەوەی راستی بێت ئەم ئاڵوگۆڕە واقعیەتێکە کەلە ئێستادا بەرەورووی هەلومەرجی سیاسی کوردستان و عێراق دەبێتەوە، بەڵام رەوتی روداوەکان بەرەو کوێ دەڕوات، ناتوانرێت ئەوە پێشبینی بکرێت کە ئەم کێشەو ململانێیە لە بەرژەوەندی کام لایەن یەکلایی دەبێتەوە، چونکە هەر هەوڵێک کە لە حکومەتی عێراق و هێزێکی وەک شیعەوە هەنگاوی بۆ دەنرێت لەبەرامبەر حکومەتی هەرێمدا، لەکاتێکدایە هێزە شیعەکان بۆ خۆیان چەند لایەنن و ناوەندێکی یەکگرتوویان نیەو یەک دەست نین بۆیە ناتوانن بەرامبەرکێیان لە بەرامبەر پارتی و حکومەتی عێراقدا یەکلایی کەنەوەو کۆنترۆڵی تەواوی عێراق و کوردستان بکەن. لە هەمان کاتدا ئایندەی سیاسی ناوچەکەش تەنها چارەنوسی عێراق و کوردستان نیە، بەڵکو تەواوی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ململانێ و دەخاڵەتی وڵاتانی زلهێزی دنیایە کە تا ئێستا لە ناوچەکەدا نەتوانراوە نەخشەو سیاسەتێکی رۆشن بۆ ئارام بونەوەو چارەنوسی ناوچەکەو عێراق دیاری بکرێت، هەرچەندە دۆخی ناوچەکە پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکە، بەڵام کێشەکان و دەوری هێزەکان لەناو ئەو قەیران و کێشانەداو هاوسەنگی هێزەکان ئەوە نیشان نادات کە جێگیری سیاسی بەم زوانە بۆ ناوچەکەو عێراق دەتوانرێت فەراهەم بهێنرێت و هیچ لایەن و هێزێک ئیماکانی ئەوەی نیە تەواوی عێراق کۆنترۆڵ بکات و تا بتوانێت یەک ناوەند پێک بهێنێت.

هەروەها هیچ ئاسۆیەک دیارنیە لە سەقامگیری سیاسی بۆ هەردوو حکومەتی عێراق و کوردستان، هەر بەومانایەش یەکلاییکردنەوەی کێشەی حکومەتی عێراق لەسەر سنورەکان و کۆنترۆڵکردنی دەروازەکان کارێک نیە سادەو ئاسان تێپەڕێت، چونکە چەندین هۆکارو دەخالەتی وڵاتان و ناکۆکی و بەرژەوەندی جیاوازو ئاستی هاوسەنگی هێز دەور دەبینێت، بارگرژی و کێشەکانی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێم بەردەوامی دەبێت، کە تەواوی گفتوگۆو سەوداوامامەڵەو دانیشتنەکانیان ئەوەمان نیشان ئەدەن.

**ئۆکتۆبەر: پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتی تورکیاو حکومەتی ناوەندی عێراق پێی ناوەتە قۆناغێکی پێشکەوتووەوە. چەندمانگ لەمەوبەر رێکەوتنی تایبەت بە شەنگال لەنێوانیاندا ئەنجامدرا. ئێستاش قسە لەسەر ئەوەیە کە خاڵێکی سنوری راستەوخۆ لەنێوان تورکیا و عێراقدا لە ناوچەی... بکرێتەوە. بەوکارە**

## درێژەی .. گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

**خاڵی سنوری ئیبراهیم خەلیل زیانێکی ئابوری گەورەی بەردەکەوێ و بەوجۆرەش ئابوری هەرێم تووشی قەیرانێکی گەورە دەبێت. ئەمەش فشارێکی سیاسی مەترسیدار لەسەر حکومەتی هەرێم و بەتایبەتی پارتی دادەنێت. ئایا ئەمە هەنگاوێک نیەو بەو ئاراستەیەدا کە حکومەتی هەرێم تەسلیمی بەغدا بێت و کۆتایی بەو هەلومەرجەی ئێستا بهێنێت کە هەرێمی کوردستان هەیەتی؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد ناتوانین پێشبینیەکی ڕۆشن و وورد لەسەر هەنگاوو نەخشەکانی ئەو لایەنە سیاسیانە دیاری بکەین، هەروەها لەسەر ئەوەی چ ئەگەرێک ئیمکانی ڕوودانی هەیە تا ئاکامێکی دیاریکراو بدەین بەدەستەوە، چونکە تائێستا چارەنوسی دەسەڵاتی سیاسی عێراق بۆخۆی ناوەندێکی سەقامگیرو جێگیر نیە، هەروەها بەردەوام دەرگیرە لەناو گێژاوو ململانێی نێوان هێزو لایەنە سیاسیەکانی عێراق خۆیدا، بەجیا لەوەی کە دەرگیرە لەناو قەیرانێکی قوڵی ئابوریدا، هەروەها ناڕەزایەتی و خرۆشانە جەماوەریەکانی شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق کێشەیەکی تری گەورەی ئەو حکومەتیە، هەر بۆیە ناکرێت ئایندەی حکومەتی هەرێم تەنها ببەسترێتەوە بە نەخشەو سیاسەت و فشارێک کە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە دەربارەی سنورەکان هەوڵئەدات پیادەی بکات، بەڵکو کێشەکان واوەترن لەوەی تەنها لە چۆنیەتی پەیوەندی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند لێکبدرێتەوە، چونکە خودی ئەو پەیوەندیە لەژێر کارکردی هەلومەرجی سیاسی ناوچەکەو ململانێ و دەخالەتی وڵاتانی زلهێزی دنیاو وڵاتانی ناوچەکەدایە، کە خودی هێزە سیاسیە میلیشیاکانی عێراق وکوردستان بە حکومەتەکانیانەوە دەرگیرن لە ناو ناجێگیری و گێژاوێکی سیاسی وەهادا کە ئایندەی ناوچەکەو عێراق دیار نیە لە نێوان کێشمەکێشی ووڵاتانی زلهێزی دنیاو ناوچەکەدا چۆن یەکلایی دەبێتەوە، بۆیە ناتوانرێ بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت کە چارەنوسی حکومەتی هەرێم یان بەرزانی لە پەیوەند بە ئەگەری ئاڵوگۆڕێک کە لە شەنگالدا دەکرێت، یا پەیوەندی ئێستای عێراق و تورکیا، حکومەتی عێراق لە ئێستادا ناتوانێ گشت جومگەی بازرگانی و ئابوری و دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان وەرگرێتەوە، مەگەر پشتیوانی و نەخشەیەک کە وڵاتێکی وەک ئەمریکا یان ڕوسیا بیسەپێنێ بەسەر ناوچەکەدا، بۆ ئەمەش هیچ ئاماژەیەک نیشان نەدراوە، لەهەمانکاتدا لاوازبونی دەسەڵاتی پارتی و بارزانی یا حکومەتی هەرێم یەکلایەنە نیە تا هەوڵ و نەخشەکانی حکومەتی عێراق کۆتایی پێبێت، بەڵکو بەرژەوەندی و هۆکاری سیاسی تر کە لەناوچەکەدا و لە نێوان وڵاتانی ناوچەکەو هێزەکاندا دەگوزەرێت، بەردەوام بەرزی و نزمی و ئاڵوگۆر لە هاوسەنگی هێز پێکدەهێنێت، تورکیاش ناتوانێ لەناو ئەو گێژاوی سیاسیەی کەلە عێراق و ناوچەکەدا دەگوزەرێت دەستبەرداری بارزانی و پارتی بێت و تەواو تەسلیم بە عێراقێک ببێت کە ئێران دەورو دەخالەتێکی هەمەلایەنەی تێدا هەیە،وە لە ڕەوتی ڕوداوەکاندا ئەگەری گەمەی سیاسی نێوان هێزەکان و وڵاتەکان هەمەلایەنەو فراوانە، هەروەها گەرەنتی نیە کە لایەنێک بتوانێ بە کۆتا بەرژەوەندی خۆی یەکلایی کاتەوە.

**ئۆکتۆبەر: هەلومەرجی کوردستان و پێگەی هێزە بۆرژوایە ئیسلامی و ناسیۆنالیستە کوردەکان بەجۆرێکە کە لە هاوسەنگیەکی خراپ بەهرەمەندن بە بەراورد بە دەورەی پێش ١٦ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧. ئاراستەی سیاسی عێراق بەرەو ئەوە دەچێت کە حکومەتی ناوەندی کۆنترۆڵی کوردستان بکاتەوە. لەئەگەری ڕوودانی دۆخێکی ئاوادا پرسی کورد لە عێراق چی بەسەردێت. خەڵک چی بکەن تا ئەم دۆخە ڕوونەدات؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** لەو کاتەوەی کە کوردستان کرایە زۆنێک لەژێر پارێزگاری نەتەوە یەکگرتوەکاندا، بوو بە ناوچەیەک کە سەرگەردان و چارەنوسێکی هەڵواسراوو ئایندەیەکی نادیار بەسەریدا سەپێنرا، هەر لەو چوارچێوەیەشدا حیزبەکانی کوردایەتی بوونە بەشێکی سەرەکی بۆ بەرگریکردن لەو سەرگەردانی و چارەنوسە نادیارەدا. وە لەهەمان کاتدا نانیان لێ دەخواردو دەستکەوتی پڕ قازانجیان بووە، وە بە هۆی ئەو هەلومەرجەوە دەوریان بوو لە قۆرخکردنی سەروەت و سامانی کوردستان و خولقاندنی دۆخێکی تەواو گەندەڵی لەبواری سیاسی و ئابوریدا، وە دەورێکی زۆر چرو کاریگەریان بوو لەسەر گۆشەگیرکردن و بێچارەکردن و بێئیرادەکردنی خەڵک کە نەتوانن دەوریان هەبێت لەسەر دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان و دەخالەتیان لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

بۆ ئەم هەلومەرجە نادیارو نالەبارەی کوردستان، لە یەکەم ساتەوە پێویست بوو بە گەڕانەوە بۆ ئیرادەو دەورو دەنگی خەڵک، بۆ چارەسەری مەسەلەو کێشەکانی کوردستان، بەڵام حیزبەکانی کوردایەتی نەک ئەو کارەیان نەکرد، بەڵکو تەواوی خەڵکی کوردستانیان کردە بارمتە بۆ بەرژەوەندیە سیاسیەکانی خۆیان، وە دەوری جدیان هەبوو لە بێئیرادەکردن و شکاندنی شکۆی خەڵکدا.

٣٠سی ساڵ بەم شێوەیە لە ناجێگیری سیاسی و دیارنەبونی ئایندەو چارەنوسی کوردستان، حزبەکانی کوردایەتی دەسەڵاتی سیاسیان بە ئەوپەری جەردەیی و تاڵانکاری و کەڵەکە کردنی زۆرترین سەرمایە بەڕێوەبردووە،وە ڕۆڵی بنەڕەتیان بوو لە

### گفتوگۆ لەگەڵ هەڵسوڕاوان

# ١٧ی شوبات، جوڵانەوەی جەماوەری شارەکانی کوردستان، ساڵی ٢٠١١

## زەمینەکانی هاتنەیدانی خەڵکی ناڕازی و هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی!

**ئۆکتۆبەر: ئێوە وەکو یەکێک لە کەسە دیارەکانی ناو خۆپیشاندانەکانی١٧ی شوبات، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو خرۆشانە جەماوەریە بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

**جەمال موحسین:** زۆر بەگشتی و کورتی ئەوە بڵێم کە ئاکامی ٢٠ ساڵ لە دەسەڵاتی بۆرژوا_ناسیۆنالیزمی کورد بوو کە جگە لە نوقمکردنی زۆرینەی کۆمەڵگا لە برسێتی و هەژاری و کەمدەرامەتی و نەبوونیدا، جگە لە سەرکوتی سیاسی و هەڵسوڕاوانی جەماوەری و کرێکاری و ئازادیخواز و کۆمۆنیستەکان، جگە لە تیرۆری بە لێشاوی ژنان لەژێربیانوی ناموسپەرستیدا، جگە لە شەڕی ناوخۆ و کوشتنی هەزاران لە لاوانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش کە خرایە پێناو قایمترکردنی دەسەڵاتی هەر یەک لە حزبەکانی کوردایەتی و پەلکێشکردنی سوپا و دەزگا سیخوڕیەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان... شتێکی دیکە نەبوو. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە هەرچی زیاتر دەوڵەمەندبوونی سەرانی کوردایەتی و سەرمایەدارەکانی ناو خێزانی بۆرژوازی کورد، بە شێوەیەک کە بە خەونیش نەیانبینیبوو. ڕۆژڕەشی و جەهەنمی ژیانی زۆرینە بووبووە مایەی ئەوپەڕی خۆشبژێوی و ژیانی پاشایانە بۆ کەمینە. ئەمە وایکرد کە ڕقوتوڕەیی ئەستوری خەڵک بتەقێتەوە. ئیتر بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و برسیکراو قابیلی قبوڵکردن نەبوو لە ژێر ناو و بیانوی پووچی ''حکومەت و دەسەڵاتی خۆمانە'' دا زیاتر مل بەو هەلومەرجە بدات. ئەو ''نا'' گەورەیەی کە جەماوەری بێبەش لەو ڕۆژگارەدا بەرزی کردەوە، تاڕادەیەک سەرەتایەک بوو بۆ هەوڵدانی جەماوەر بۆ خۆجیاکردنەوە لە خێزانی بۆرژوازی و دەسەڵاتەکەی. لانیکەم ئەو وەهمەی کە ''ئێمە هەموومان یەکین و لە یەک بەلەمداین و حکومەتی دەسەڵاتی خۆمانە'' لەوە زیاتر نەیتوانی بڕبکات و هەر ئەبوو بچێت بەهەوادا.


جەمال موحسن

بێگومان ئەبێ ئەوەش بڵێین کە ١٧ ی شوبات بەجیا لەوانەی باسم کرد، خۆی لە چوارچێوەی هەلومەرجێکی ناوچەییدا هاتەپێشەوە. ئەو کات ''شۆڕشەکانی'' میسر و تونس بەرپاکرابوون و توانیبوویان دەسەڵات وەلابنێن. هەڵبەت لێرەدا کات و مەبەستی ئەوەمان نییە خودی ئەو ''شۆڕشانە'' هەڵبسەنگێنین و لێکدانەوە لەوە بکەین کە چی بوون و بە چی و کوێ گەیشتن. بەڵام هەر ئەوەی کە خەڵکی برسی لەو وڵاتانە ڕاپەڕی لە دژی دەسەڵات و بە کردەوەش توانی دەسەڵاتێکی سەرکوتگەر وەلابنێ کە بۆ ساڵەهایە خۆی بەسەر جەماوەری بێبەشی ئەو وڵاتانەدا سەپاندبوو، خاڵێکی گرنگ و وورەبەخش بوو. ئەم هەلومەرجە هاوشانی تورەیی جەماوەری برسی و بێبەشکراوی کوردستان بووە مایەی ئەوەی کە ١٧ ی شوبات ڕوویدات، کە لە بناغەدا خرۆشانی جەماوەر بوو بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر و ئازادی، دوو مەسەلەی سەرەکی و گرنگ کە

⇦

---

### پاشماوەی .. گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

یاریکردن بە چارەنوسی کوردستان و هێشتنەوەی لە سەرگەردانیدا، هەروەها دەوریان بو لە پاشکۆبون و گەڕانەوە بۆ حکومەتی بەغداو ناوەند، هەر لەو چوارچێوەیەدا چارەنوسی خەڵکی کوردستانیان خستەژێر ڕەحمەتی ئایندەو چارەنوسێکی پر گێژاوی سیاسی عیراق، ئاڵوگۆڕەکان لە هەلومەرجی سیاسی ناوچەکەو عێراق لە پەیوەند بە هاوسەنگی هێزە سیاسیەکان بوەتە قەدەرێک کە مایەی کارەسات و بارگرژی و قەیران بەدوای قەیراندایە.

وادیار نیە حکومەتی عێراق لەو توانایەدا بێت کە نەک کوردستان بخاتەوە ژێر کۆنترڵی ناوەند، بەڵکو توانای ئەوەی نیە عێراقێکی پارچە پارچەکراوی ژێردەسەڵاتی هیزە میلیشیا تائیفیەکان یەکخاتەوە.

بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا ڕێگایەکی دروست کە خەڵکی کوردوستان لەم میحنەت و گێژاوە سیاسیە دەرکات، گەڕانەوەیە بۆ دەورو ئیرادەی ڕەهای خەڵک لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیدا، لەدوای سی ساڵ لەم هەموو بەزم و هەراو بێنەو بەرەیەی کە حیزبەکانی کوردایەتی خوڵقاندویانە، تەنها هاتنە مەیدان و بەهێز بوونی دەورو ئیرادەو نارەزایەتی ڕێکخراوی خەڵکە بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی سیاسی حیزبەکانی کوردایەتی و دامەزراندنی دەسەڵاتی خەڵک و دابڕانی تەواوی کوردستان لە پەیوەند بە ئایندەیەکەوە کە دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامی و شیعەو عروبە لە عێراقدا هەنگاوی بۆدەنێت. ★



ئاسۆ کەماڵ

سەلمابوو لەژێر دەسەڵاتی کوردایەتیدا ئیمکانی نییە.

**ئاسۆکماڵ:** دوای ٢٠ ساڵ لەژێر سایەی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیدا خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و گەنجان و ئازادیخوازان دەیانبینی کە لە ٨ ساڵی دای ڕوخانی بەعسدا ، لەلایەک هیچ مەترسیەکی دەرەکیان لەسەر نەماوە و لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتدارانیش هەرچی داهات و سەرمایەیەکی کوردستان و بودجەی عێراقە هەڵیدەلوشن و بێ ئەندازە دەوڵەمەندبوون، بەڵام ئەم خەڵکە چەندین ساڵە نارەزایەتی بۆ نەبونی خزمەتگوزاری کارەبا و ئاو و سوتەمەنی دەردەبڕن و دەسەڵات هیچ وەڵامێکیان ناداتەوە.

لەم کاتەدا شۆڕشی گەنجان و خەڵکی کرێکار و هەژار و ئازادیخوازی میسر و تونس زەمین لەرزەیەکی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروستکرد و لە زۆربەی وڵاتان و لەوانەش لە کوردستان کە خەڵکی هەژار و ئازادیخواز هەمان دۆخیان هەیە، ئەم شەپۆلە گرتیەوە.

خرۆشانی سیاسی جەماوەری نارازی و ئازادیخوازی کوردستان کۆتایی مێژوویەک لە بێدەنگی سیاسی بوو بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی حزبە ناسیونالیستە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان.

لەدوای ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ ئەمە یەکەم جار بوو کە خەڵکی کوردستان ڕوبەڕووی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی ڕاوەستێ و داوای ڕووخانی بکا.

هەربۆیە ئەمە هەم ئیلهامێک بوو کە خەڵکی کوردستان لە شۆڕشی گەنجان و خەڵکی کرێکار و هەژار و ئازادیخوازی میسر و تونس وەری گرت و بۆ ماوەی ٦٢ ڕۆژ بە خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربرین لەمەیداندا مایەوە. هاوکات ئەمە درێژەی ئەو نارەزایەتیە جەماوەریانە بوو کە لە ٢٠٠٧ وەوە لە دژی نەبونی خزمەتگوزاری کارەبا و ئاو و سوتەمەنی و دژ بە گەندەڵی و پێشێلکردنی ئازادیە سیاسیەکان درێژەی هەبوو.

ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتیانەی لە کوردستان لە دوای ڕوخانی بەعسەوە و بەتایبەت لە ٢٠٠٧ و ٢٠١١و ٢٠١٦ و ٢٠١٩ و کۆتا جاریش لە دیسەمبەری ٢٠٢٠دا ڕویانداوە زنجیرەیەکی بەردەوام لە کێشمەکێش و ململانێی چینایەتین لە نێوان خەڵکی کرێکار و کارمەند و مامۆستا و خانەنشین و گەنج و ژن و ئازادیخواز و بێکاردا دژ بە سیستمێکی سەرمایەداری کە لە کوردستاندا پرۆسەیەکی خێرا و توندوتیژی کەڵەکەی سەرمایەی دەستپێکردوە. ئەم زنجیرە بەردەوامە لە دەرکەوتنی خێرای خۆپیشاندانێکی توند و تیژی هێرش بەرانەدا یاخود مانگرتنێکی هێمنی چەند مانگیدا خۆیان نیشان دەدەن پێکەوە ئەم ڕەوتە لە خەباتێکی چینایەتی نیشان دەدەن کە بەرەنگاری خەڵکی کرێکار و هەژارە بەو هێرشە هەمەلایەنەی دەکرێتە سەر ئاستی گوزەران و موچە و ئازادیەکان و هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەم خەڵکە تاکو سەرمایەی دەسەڵاتداران بتوانێ بەبێ ڕێگری گەشەبکا و قورسایی و زیانی قەیرانە ئابوری و دابەزینی نرخی نەوت و شەڕی بودجە و هەڵئاوسانی پارە و بێکاری وهەموو کێشەکانی تر بەسەر خەڵکی کەم دەرامەتدا بسەپێنرێ.

**خالید مەجید:** وەکو هەموومان دەزانین لە ساڵی (٢٠١١) دا لە وڵاتە عەرەبیەکان، لە تونس و میسر و لیبیاو سوەیا و یەمەن و بەحرەین، شەپۆلی گەورەی نارەزایەتی و خۆپیشاندان و شۆڕش و ڕاپەڕین دژ بە چینی دەسەڵاتدار و دیکتاتۆرەکان دەستی پێکرد، کە لە ماوەی ٣٠-٤٠ ساڵی حوکمڕانیان بێجگە لە کوشتن و بڕین و فەسادو ماڵوێرانی و بێکاری، بێمافی سیاسی و کۆمەڵایەتی، نەبوونی ئازادی و یەکسانی و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی هیچ شتێکیان بەدیاری نەهێناوە بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەری ستەمدیدەی وڵاتەکانیان، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ هاتنەمەیدانی خەڵکی نارازی و ئازادیخوازان و دروشمی (ارحل) واتە بڕۆن یان بەرزکردەوە، وە ڕایانگەیاند کە چیتر نایانەوێ لەسایەی ئەم سیاستەمە سیاسی و ئابوریەدا ژیان و کەرامەتیان پێشێل بکرێت، و بەهیوای ژیانێکی شکۆمەند و باشتر شەقامەکانیان داگیرکرد.

بۆ پشتگیری و هاوپشتی و هاوخەباتی لە شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری وڵاتە عەرەبیەلان لە ١٧/٢/٢٠١١دا کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئازادیخوازان و خەڵکی نارازی لە هەرێمی کوردستان لەبەر دەرکی سەرا خۆپیشاندانیان ئەنجام دا. لەهەمان کاتدا دژی چینی دەسەڵاتدار و سیستەمی حوکمڕانی کوردستان بە ماوەی (٢٠)ساڵ حوکمڕانیان بەشێوەیەکی بیروکراتی و لەسەروو ئیرادەی

⇦

**دابینکردنی ڤاکسینی کۆرۆنا بۆ هەموو هاوڵاتیانی کوردستان بەخۆرایی، ئەرکی حکومەتە !**

## درێژەی .. ١٧ی شوبات، جوڵانەوەی جەماوەری شارەکانی.. گفتوگۆ لەگەڵ هەڵسوڕاوان

خەڵکەوە و لەرێگای زەبروزەنگ وچەک و میلیشیای چەکداری و دەزگای هەواڵگری و سەرکوت تۆقاندنەوە دەستیان بەسەر سامانی ئەم هەرێمەدا گرت و سامانی سەرزەوی و ژێرزەویان هەر لە نەوت و غازو گومرک و داهاتی ناوخۆ، گرت و بۆ خۆیان و بنەماڵەو هاوچینەکانیان.

لەبەرامبەردا چینی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکیش و جەماوەری ستەمدیدەی هەرێمیان لە سەرەتاییترین مافی ئابوری وسیاسی و کۆمەلایەتی بێبەش کرد. دەستیان بۆ پێشێلکردنی ئازادی هەڵسورانی سیاسی و ئازادی رێکخراوبوون و مانگرتن و خۆپیشاندان، ئازادی رۆژنامەگەری برد. فرسەتی کار و بیمەی بیکاری خەبەرێکی نەبوو. خزمەتگوزاریەکانیان لەنێوبرد، دەستیان برد بۆ تایبەتی کردنی هەموو سێکتەرە خزمەتگوزاریەکان ( تەندروستی، پەروەردە، خوێندنی بالا، ئاو، کارەبا) و رۆژبەرۆژ باریس ەرشانی خەڵکیان قورستر کرد.

یەمانە هەموویان هۆکار بوون بۆ خرۆشانە جەماوەریەکەی بەردەرکی سەرا و شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دژ بە چینی دەسەلاتداران و حکومەتەکەیان

**ئۆکتۆبەر: خرۆشانی جەماوەری ١٧ ی شوبات نەیتوانی بە ئامانجەکانی خۆی بگات، هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕێننەوە؟ کەموکوڕیەکان چی بوون. ئەو دەرس و ئەزمونانە چین کە دەبێ جەماوەر لەو بزوتنەوەیە وەربگرێت، بەتایبەتی کە خۆپیشاندان و خرۆشانی جەماوەری ناوبەناو دەست پێدەکاتەوە، بەلام هێشتا نەیتوانیوە کەموکوڕیەکانی پێشتری تێپەڕێنێ؟**

**ئاسۆکمال:** ئەم خۆپیشاندانانە زیاتر بەرگێکی سیاسی هەبوو. خواستی دژی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاریش هەر لە ژێر ئەم چەترەی دژی دەسەلاتی سیاسی و میلیشیایی یەکێتی و پارتیدا بوو. بەتایبەت کە کرێکاران و کارمەندان بەشداری سەربەخۆیان نەبوو و هیچ مانگرتن و شێوازێکی تری خۆپیشاندان لە ناوەندەکانی کاردا نەبوو، تاکو بتوانێ فشارێکی ئابوری و جەماوەری و ئیداری لەسەر دەسەلات دابنێ. ئاستی وشیاری سیاسی و رێکخراوی جەماوەری ناڕازی بەرامبەر بە دەسەلاتی یەکێتی و پارتی هێشتا خۆبەخۆیی بوو و لە داواکاریەکی دیاریکراوی سیاسیدا فۆرمۆڵە نەبوو بوو . هاوکاتیش دروشمێکی پراتیکی رۆشن نەبوو کە ئاستی داواکاریەکان و چۆنیەتی جێبەجێکردنیان دیاری بکا و هەربۆیە لە خواستێکی گشتی "روخانی دەسەلاتی گەندەڵ"دا مایەوە .

هاوکات رێکخەرانی داواکاریەکانی ناڕەزایتیەکانی پێشوو بۆ خزمەتگوزاری و ئازادیە سیاسیەکان هیچ رێکخراوەیەکی سەندیکایی و سیاسیان نەبوو. ئەو دەستەیەی سەرپەرشتی ناڕەزایەتیەکانی دەکرد تێکەلاوێک بوو لە گۆران و ئیسلامیەکان و کۆمۆنیستەکان.

ئەم دەستەیە پەیوەندیەکی توندوتۆل و رێکخراوی نەبوو لەگەڵ جەماوەری ناڕازی و گەنجان و خوێندکاراندا. گۆران لە رێگەی رێکخستنەکانی خۆیەوە دەوری سەرەکی هەبوو و لەم دەستەیەشدا بالادەست بوون و دەستەکە خۆی بە خاوەنی بریار نەدەزانی و لە بەرامبەر دەسەلاتدا وەک هێزێک دەرنەکەوت و مەیدانی بۆ ئۆپۆزسیۆنی بورژوازی چۆڵ کردبوو و تەنانەت دژ بە دەنگ هەڵبرینی ئێمەش دژ بە ساتوسەودای گۆران و ئیسلامیەکان لە دەسەلاتدا بوو.

هەربۆیە ئۆپۆزسیۆنی گۆران و ئیسلامیەکان هەژمونیان بەسەر ئەم ناڕەزایەتیانەدا پەیداکرد و لە رێگەی لە قالبدانی خواستەکان بۆ پاکێجی چاکسازی دەسەلات توانیان سوود لە ناڕەزایەتیەکان ببینن بۆ وەرگرتنی ئیمتیازات لە دەسەلات.

هەربۆیە ئەم ناڕەزایەتیە جەماوەریانە کە زۆربەی گەنجان بوون نەیتوانی بزوتنەوەیەکی سیاسی بخاتە رێگا کە وەک شۆرشەکانی میسر و تونس گۆرانکاری سیاسی دروست بکا. لەم هاوسەنگی هێزەدا لە بەرانبەرکێ لەگەڵ دەسەلاتدا بە سەرکوت یەکێتی توانی کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنێ، وە بە سازشی ئۆپۆزسیۆنی بورژوازیش لەگەڵ دەسەلاتدا ناڕەزایەتیەکان خامۆش بوو.

دەرس وەرگرتن لەم ئەزمونە گرنگە. هەم بۆ ئێمە وەک کۆمۆنیستەکان و هەم بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و گەنجان و ژنانی ناڕازی و خەڵکی ئازادیخواز.

بۆ ئەوەی بتوانین ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان و خرۆشانە جەماوەریەکان سەرکەوتوبن پێویستە ئاستی توانایی و رێکخراوی خۆمان بەرامبەر بەم دەسەلاتە بزانین تا بزانین لە هەر هەنگاو و دۆخێکدا دەتوانین چۆن بەرەبەرە قەرزەکان لەم حکومەتە گەندەڵە سەرمایەدارانی کورد بسەنینەوە. ئەم کارە پێویستی بە دەست دانە پێکهێنانی رێکخراوە جەماوەریەکانە کە لە هەموو شوێنێک بەرامبەر بە دەسەلاتداران بتوانن هێزی ناڕازی خەڵک رێکخراو بکەن و فێری چۆنیەتی خەباتی درێژخایەنی بکەن. ئەمە دەبێ ستراتیژی ئەم دەورەیەی ناڕەزایەتیەکان بێت کە تەجروبەی ئەم چەند ساڵە لە پێکهێنانی دەستەی ناڕەزایەتیەکان لە کاتی ناڕەزایەتیەکاندا پێویستە بگۆڕین بۆ رێکخراوی هەمیشەیی و کاری بەردەوام بکەین بۆ جێگرتنەوەیان بە سەندیکاکانی سەر بەدەسەلات.

وەک بزوتنەوەی کۆمۆنیستیش دەرس وەرگرتن لەم ئەزمونە پێویستە ناسینی کەموکوڕیەکانمان و

## درێژەی .. ١٧ی شوبات، جوڵانەوەی جەماوەری شارەکانی.. گفتوگۆ لەگەڵ هەڵسوڕاوان

بەدیلێک بێت بۆ ئەو لاوازیەی کە نەمانتوانیوە ببینە هێزێکی سیاسی ڕێکخراو کە بتوانێ ڕێگە لە ئۆپۆزسیۆنی بورژوازی بگرێ کە ئەم خەبات و ناڕەزایەتیانە بەلاڕیدا ببەن. تەجروبەی ١٧شوباتی ٢٠١١،سەرەرای دەخاڵەتی هەڵسوراوانی کۆمۆنیست لەم ڕاپەرینە جەماوەریەدا لەدەوری ئەم بزوتنەوە جەماوەریە کۆبوینەوە و لەم پێناوەشدا "پلاتفۆرمی چەپ و کۆمۆنیستەکان"مان دروستکرد، بەڵام ئەم هەنگاوە نەبوە سیاسەتێک کە حزب و گروپە کۆمۆنیستیەکان بکاتە هێزێکی سیاسی کە بەکردەوە لە خۆپیشاندانەکاندا کاریگەری دابنێ و دەخاڵەتێکی کاریگەر لە "ئەنجومەنی سەرای ئازادی"یدا پێ بکا و هاوکات بەشێوەیەکی پراتیکانە سود لەم ناڕەزایەتیانە ببینێ بۆ چونە ناو جەماوەری نارازی و پەیوەندیکردن بە هەڵسوراوانی کریکار و خوێندکار و لاوان و ژنانەوە و کاری ناو گەرەک و ناوەندەکان دەست پێ بکا .

لە کاتێکدا ١٧ شوبات یەکەم تەجروبەی سیاسی کرێکاران و لاوان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانە دژی ناسیونالیزمی کورد و ڕاپەرینێک بوو دژی خۆشباوەری دەیەیەک بە ناسیونالیزمی دەسەڵاتدار لە کوردستاندا. لەوکاتەدا کۆمۆنیستەکان دەبێ بە شوێن ئەو فرسەتەدا بگەرێن کە پەیوەندی خۆیان بە جەماوەرە بنیات بنێن و ببێتە ئەو هێزەی کە ئەم ناڕەزایەتیانە بەرەو هەنگاوی سەرکەوتوانەتر بەرێ و ڕیگە بگرێ لەوەی ببێتە قوربانی ساتوسەودا و خۆشباوەری بە گۆران و ئیسلامیەکان. ئەمە مەیدانی ململانێی سیاسی بوو کە کۆمۆنیستەکان بە پێی دیدگا و پراتیکی بەرتەسک و سێکتاریستی خۆی نەیتوانی سوود لەم ڕاپەرینە وەرگرێ و لانی کەم لە دابراوی و پاسیڤیزم خۆی ڕزگاربکا.

بەبێ دروستبونی ئەم ڕیزە سەربەخۆ چینایەتیانەی کرێکاران لە حزب و ڕێکخراوەی جەماوەری ناتوانین دەرس لەو شکستانە وەرگرین کە لە خەبات و ناڕەزایتیە بەردەوامەکانی دەیە و نیوی رابردوودا لە کوردستان رویانداوە. بەبێ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژیە ڕێکخراوەیە بە داخەوە بزوتنەوە جەماوەری و سیاسیەکەمان لە ئاست سەرەتایی پەرژوبڵاوی و ناڕیکخراوی خۆیدا دەمێنێتەوە.

**خالید مەجید:** بەبڕوای من هۆکارەکان بریتی بوون لە: نەبوونی ئەلتەرناتیڤی سیاسی و ڕێکخراوەیی، نەبوونی ئاسۆو تاکتیک و ستراتیژی شۆڕشگێرانە بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵک دژ بە چینی بۆرژوازی و دەسەڵاتەکەی لە هەرێم.

لەبەرامبەریشدا ئەحزابی سیاسی بۆرژوازی ناسیۆنالیست و لیبراڵ و ئیسلامی چ ئەوانەی لە دەسەڵاتدابوون و چ ئەوانەی ئۆپۆزیسیۆن بوون، ڕێکخراو بوون و خاوەن دەزگای سەرکوت و پارەو هێزو ڕاگەیاندن بوون، لەم هاوکیشە نابەرامبەرەدا خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان بەزەبری هێزی چەک پاشەکشەی پێکرا.

٢) ناڕێکخراوبوونی کرێکاران و زەحمەتکێشان و فەرمانبەران و جەماوەری نارازی هەرێمی کوردستان لەرێکخراوی سەربەخۆی خۆیاندا، لە شورا و ئەنجومەن و ڕێکخراوە کرێکاریەکان و سەندیکا وئۆرگانەکانی دیکە. (لاوازی ئاستی ڕێکخراوبوون پاشخانێکی مێژووی هەیە لە هەرێمی کوردستاندا).

٣) پەرشوبڵاوی مانگرتن و خۆپیشاندانەکان لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان و سەراسەری نەبوونەوەی لەبەشێک لە شارەکانی دیکە وەکو هەولێر ودهۆک و کەرکوک.

٤) نەبوونی ڕابەری محەلی و سەراسەری

٥) یەکنەخستنی دروشم و داواکاریەکان لەسەر ئاستی شارو شارۆچکەکان و لەسەر ئاستی سەراسەری.

٦) نەبوونی تاکتیکی دروست بۆ گۆرینی شێوازی خۆپیشاندانەکان و چەقبەستنی لەسەرای ئازادی . دەکرا خۆپیشاندانەکان بگوازرێتەوە بۆ گەرەک و کارگەو شوێنی کارو ژیانی کرێکاران و زەحمەتکیشان وفەرمانبەران، کە کۆنترۆڵکردنی زەحمەت دەبوو لەلایەن دەسەڵاتەوە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر



خالید مەجید

دەرس وەرگرتن لە ئەزمون و تەجروبەکان، دەبێ خاڵە بەهێزو لاوازەکان دەستنیشان بکەین.

بەڕای من ناکرێ هەر باسی خاڵە لاوازەکان بکەین. دەبێ ئاماژە بە هەندێ خاڵی بەهێزی خۆپیشاندانە جەماوەریەکە بکەم.

١) پێکهێنانی ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی ناڕەزایەتیەکان و پێکهێنانی لیژنەکانی وەکو لیژنەی سیاسی و پەیوەندیەکان و دارایی و ڕێکخستن و ڕاگەیاندن ولیژنەی ئەمنی.

٢) هەوڵدان بۆ یەکخستنی ناڕەزایەتیەکان لە شارو شارۆچکەکانی هەرێم و یەکخستنی دروشم و داواکاریەکان.

٣) چاپکردن و دەرکردنی ڕۆژنامەی "ڕۆژانەی خۆپیشاندان". بڵاوکراوەیەکی تایبەت بوو بە ڕێپێوان و خۆپیشاندانە جەماوەریەکان.

٤) پێکهێنانی تیمێک لە پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی لەسەر دەستی کۆمەڵێک لە پزیشک و کارمەندی تەندروستی بۆ چارەسەری بریندارەکان.

## درێژەی .. ١٧ی شوبات، جوڵانەوەی جەماوەری شارەکانی.. گفتوگۆ لەگەڵ هەڵسوڕاوان

٥) بەشداری بەرچاوی ژنان و کچان لە خۆپیشاندانەکان و لە ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی دا.

٦) رۆحیەتی کۆمەک کردن و کۆکردنەوەی ئیمکاناتی دارایی بۆ بەردەوامبوونی نارەزایەتیەکان لەلایەن هاوڵاتیانەوە.....

**جەمال موحسین:** هەڵبەت بۆ هەڵسەنگاندن و کۆبەندیەکی فراوان و هەمەلایەنە لە ١٧ ی شوبات، ئەکرێ هەموو ئەم پرسیارانە بکرێن کە بۆچی وای لێهات؟ رۆڵی هەر یەک لە حزبەکان چی بوو؟ ئاسۆی زاڵ بەسەر ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتیانەدا چی بوو؟ چۆن ١٧ ی شوبات بەرێوەبرا و رابەری کرا؟ ئاستی توانایی و دەخاڵەتی رێکخراوانەی چینی کرێکار و خەڵکی بێبەش بە گشتی لە کوێدا بوو؟ وە زۆر پرسیاری تری گرنگ و پربایەخ کە ئەتوانێ دەرگایەک بەرووی نارەزایەتی جەماوەریدا بۆ وەلانانی دەسەڵاتی بۆرژوا کوردایەتی بکاتەوە... بەهەرحاڵ ئێمە وەک حزب لە دوای ١٧ ی شوباتەوە کۆبەندی خۆمان لەسەری دا کە لە پێگەی حزبدا دەست ئەکەوێ. من لێرەدا تەنها ئەمەوێ ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم:

یەکەم، خاڵی هەر سەرەکی نەبوونی ئاستی رێکخراوبوونی جەماوەری بوو. جەماوەری پێکهاتوو لە بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگا خاوەنی رێکخراوی تایبەت بە خۆیان نەبوون، تاکو بەشێوازێکی رێکخراو لە هەوڵی زیاتر یەکخستنی جەماوەری بێبەشدا بن (دیارە ئەمە لاوازیەکە تا ئێستاش وەک خۆی ماوە). ئەمەش کارێکی کردبوو کە لەجیاتی ئەوەی کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایان و... بتوانن لە شوێنەکانی خۆیان لە ئاستی گەرەک و شوێنی کاریاندا خۆ یەکگرتوو و رێکخراو بکەن لە دەوری خواست و داواکاریەکانیان، هەموو هەر ئەهاتنە گۆرەپانێکەوە و لەوێدا کۆئەبوونەوە. کە ئەمەش هەموو شاروشارۆچکەیەکی وەک یەک نەگرتبۆوە و وەک پێویستیش سەراسەری نەئەبۆوە.

دووەم، لێرەوە هەر لایەن و حزبێک یان رەوتێکی سیاسی بیویستایە و بیتوانیایە ئەو گۆرەپانانە جڵەو بکات، ئیتر ئەیتوانی هەژموونی ئاسۆی سیاسی خۆی بەسەر تەواوی خرۆشانەکەدا پەیدا بکات. هەروەک بینیمان باڵێکی تری بۆرژوازی کە خۆی لە ناسیۆنالیزمی نارازی لە دەسەڵات و ئیسلامیەکاندا ئەبینیەوە، دوای تەقەلایەکی زۆر توانیان ئەم کارە بکەن و ئاسۆی خۆیان زاڵ بکەن. ئەوان ئامانجی خەڵکیان نەبوو، ئەوان بە دوای ئەوەوە بوون بەشێک لە دەسەڵات بپچڕن لە پشکی بەتاڵانبراوی کۆمەڵگا و لە پاروی دزراوی هەر ئەو خەڵکە بەدەنگهاتووە. ئەوان توانیان خۆ بە خواستەکانی خەڵکدا هەڵبواسن تا بتوانن ئەو مەرامەی خۆیان بەدەستبهێنن. هەروەک چەند ساڵێکی کەم دوای ئەوە خەڵک بینییان ئەو حزبانە بوون بە بەشێک لە دەسەڵات و ئەو کوێرەوەریانەی کە بەسەر خەڵکیاندا هێناوە. شکستەکە بۆ خەڵکی راپەریو لێرەوە بوو کە تووشی خۆشخەیاڵیەکی کوشندە بووبوو وە پێی وابوو بە گۆرینی دەموچاوەکانی دەسەڵات و شەریک بوونی ئەحزابێکی تر کە دەم لە "نارەزایەتی و خواستی جەماوەری" ئەکوتن، ئیتر ئەویش بە سەرکەوتن ئەگات. ئیتر ئەمە تا ماوەی چەند ساڵێک بووبووە راچڵەکانێکی سیاسی بۆ جەماوەر. ئەوە بوو بینیمان تەنانەت ئەو لایەنانە توانییان نەخشەرێگەی خۆیان بەسەر خرۆشان و ئەنجومەنی سەردا بسەپێنن، ئەویش بەرزکردنەوەی دروشمی "ارحل" بوو لە پاڵ نەخشەرێگەیەکدا کە بەو ئاراستەیەدا بوو. شتێک بوو کە ئاستی خەبات و هاتنەمەیدانی جەماوەر پێی نەگەیشتبوو وە دەرەقەتی نەئەهات و هاوکاتیش ئەڵتەرناتیڤێک لەئارادا نەبوو. بەبڕوای من ئەمە هۆکارێکی باشی دایە دەست دەسەڵات کە بە زەبر و سەرکوت کۆتایی بە نارەزایەتیەکان بهێنێ. هەرئەمەش بووە دەستمایە بۆ ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنە بۆرژوازیانە کە دواتر بە مەرامی خۆیان لە بەشداربوون لە دەسەڵاتدا بگەن.

سێهەم، خاڵێکی تری گرنگ جێگەورێگە و نەخشی کۆمۆنیزم و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو. راستە ئێمە توانیبوومان رۆڵێک ببینین و بە پێی دانپێنانی دۆست و نەیارەکانمان شانی ئەوەمان راتەکاندبوو کە دەخاڵەت لە مەسەلە سیاسیەکانی کۆمەڵگادا ئەکەین، بەڵام نە ئەوە بەس بوو، وە نە خۆشمان لەوەوپێشەوە و لەو کاتەشدا لەو ئاستەدا نەبووین رابەر و رێنوێنیکەر و رێکخەر و ئاسۆپێدەری ئەو نارەزایەتی و خرۆشانانە بین. تاکو نەهێڵین ئاسۆی ناسیۆنال ئیسلامی بەسەریدا زاڵ بێت و زۆرتر بەرەو کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی بۆرژوا_ناسیۆنالیزمی کورد بروات و لە جێی ئەوە دەسەڵات لەسەر ئیرادەی جەماوەری بێبەشەوە دابمەزرێنین. هەڵبەتە ئەم خاڵەش قسەی زۆر هەڵئەگرێت، بەتایبەتی حزب لە دوای لێدانێکی کوشندەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٠ ەوە بە دەستی یەکێتی بەریکەوتبوو سەری بەرزکردبۆوە. بۆیە من ئەتوانم بڵێم چەند ئەوە کە دوای چەند ساڵ توانیمان سەربەرز

## درێژەی .. ١٧ی شوبات، جوڵانەوەی جەماوەری شارەکانی.. گفتوگۆ لەگەڵ هەڵسوڕاوان

بکەینەوە و تەنانەت لە ڕادیکاڵ کردنەوەی نارەزایەتیەکان و خواستەکان و هەتا نووسینی لائیحەی‌کاندا ڕۆڵی داواکاریە بێ، خاڵی هە رچاومان‌بە کێک لەپرشنگدار و یە ی شوبات ١٧ کانی‌وتەسکەدە بوو. ش کەندەوەڵام ئەبە ین ت و ئاسۆ بدەمانتوانی خەنە و کان و ئەتیەزایەنارە بە ین بەی بکەنداریتیەخاوە ریدا، ماوەڵاتی جەسەئاقاری دە خاڵێکی لاوازی مەئیتر ئە ک بوو و ئێستاش وە ورەگە خۆی باقیە. مانەبڕوای من ئەبە تی زایەزمونن بۆ نارەو ئە وانە ی شوبات و ١٧ و خرۆشانی کانیش تیەزایەبۆ ئێستای نارە وەلێیان وردببینە پێویستە. ئێستا نێوانی تی کەتاییبەبە یشتۆتەڵات گەسەڵک و دەخە شوێنێکی تر و خواستی بۆتە ڵاتەسەم دەلانانی ئەوە کی جدی بۆ یەلەسەمە ش‌ری بێبەماوەجە.

بەهەرحاڵ هەروەک چۆن جەماوەر وانە و ئەزمونێکی لە ١٧ ی شوبات وەرگرت، ئاوهاش دەسەڵاتی بۆرژوا_ناسیۆنالیستی کورد لێی وەرگرت. گەر بۆ خەڵک ئەوە بووبێ کە نەیتوانی بەپەرشوبڵاوی و خۆدەربازکردن لە ئاسۆی بزووتنەوەی کوردایەتی و باڵە جیاوازەکانی بۆرژوازی بە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەوە هەنگاوێکی زیاتر بەرەو سەرکەوتن بنێ، بۆ دەسەڵاتیش لە درز و دەلاقەی ئەو لاوازیانەوە خۆیکردە ناوەوە و هەم توانی سەرکوتی بکات و هەمیش بەلاڕێیدا ببات.

**ئۆکتۆبەر: نارەزایەتیەکانی جەماوەر ئێستا ڕووی لە کۆتایی هێنانە بەدەسەڵات، ئەمە هەنگاوێکی سیاسی پێشکەوتوترە بە بەراورد بە خرۆشانەکانی ١٧ شوبات. بگرە جەماوەر ئەو هێزانەشی تێپەڕاندوە کە ئەوکات جلەوی خۆپیشاندانەکانیان گرتبووە دەست. ئایندەی خەباتی جەماوەر دژی دەسەڵات بەڕای ئێوە بەندە بە چ فاکتۆرێکی سیاسی و جەماوەریەوە؟ جێگاوڕێگاو نەخشی ئەحزابی سیاسی و بەدیلی سیاسی لەم فاکتۆرانەدا چی دەبێت؟**

**خالید مجید:** سەرەتای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکە لە ١٧/٢ لە سلێمانی لە سەرای ئازادی داواکاری خۆپیشاندەران بریتی بوو لە چاکسازی لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و لەناوبردنی گەندەڵی و ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی و چارەسەری بێکاری و باشکردنی ژیانی خەڵک و چاکردنی خزمەتگوزاریەکان بوو. بەڵام پاش ئەوەی خۆپیشاندەران ڕوبەڕووی توندوتیژی و لێدان و گرتن و کوشتن و بریندار‌بوون بوونەوە، ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی ڕاگەیاندنێکی لەژێرناوی ( داواکاریەکانی جەماوەری نارازی کوردستان) ی بڵاوکردەوە. لەبەرواری ٢٨/٢/٢٠١١ ماوەی دوو ڕۆژ مۆڵەت درا بە پەرلەمان و حکومەت کە کاری جدی بکەن بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکان، بەڵام دوای چەند ڕۆژ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم ، بە دوو ڕاگەیاندراو کە یەکێکیان بەرواری لەسەر نەبوو، ئەوی تریان بەرواری ١/٣/٢٠١١ ی لەسەر بوو بۆ ئەنجومەنی سەرای ئازادی ناردبوو، تێیدا هاتبوو کە جێبەجێکردنی خاڵەکان پێویستیان بە داڕشتنی بەرنامەی درێژخایەن هەیە تاکو بتوانین چاکسازی بکەین. ئەمە خۆی لەخۆیدا خۆدزینەوە بوو لە جێبەجێکردنی داواکاریەکان، بەتایبەتی خاڵە هەنوکەییەکان.

ئەگەر حکومەت نیازی چاکسازی بوایە، دەبوایە دەستبەجێ هەنگاوی عەمەلی بنایە بۆ جێبەجێکردنی، بەڵام دوای ئەوە دەرکەوت حکومەت و پەرلەمان بەهیچ شێوەیەک چاکسازی ناکەن. بەمەش لەلایەن جەماوەری نارازی هەرێمی کوردستانەوە شەرعیەتی یاسایی و حوکمڕانیان لێسەنرایەوە. بۆیە دوبارە بە دەرکردنی پلاتفۆرمێکی دیکە بەناوی ( نەخشەرێگای چارەسەری ریشەیی قەیرانی سیاسی و حوکمڕانی لە کوردستان) لەلایەن ئەنجومەنی مەیدانی ئازادیەوە ڕاگەیەنرا، کە تیایدا دەستبەجێ و بێقەیدوشەرت دەست لەکارکیشانەوەی هەرسێ سەرۆکایەتیەکە ڕاگەیەنرا. ( داوای پێکهێنانی حکومەتی کاتی کرا)، ئەمەش بۆ دەسەڵاتداران زەنگێکی خەتەربوو وە پێیان قبوڵ نەدەکرا و کەوتنە خۆیان و هێرشیان کردە سەر سەرای ئازادی و بە هەموو جۆرە چەکێک لە ١٧ و ١٨و ١٩/٤ دااا سەریان کۆنترۆڵ کرد.

لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە داواکاریەکان لە ریفۆرم و چاکسازیەوە گۆڕا بۆ داواکاری و دروشمی لەکارخستنی حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم، بەدەستپێشخەری ئەحزابی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن وەکو گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ کە لە ئەنجومەنی سەرای ئازادیدا پشکی گەورەیان بەردەکەوت. ئەمەش بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی نەبوو لە سیستەمی حوکمرانی و دەسەڵاتی هەرێم، بەڵکو کارتێک بوو بۆ فشارخستنە سەر حکومەت و پەرلەمان بۆ پچڕینی بەشێکی زیاتر لە دەسەڵات لە چوارچێوەی هەمان سیستەمی سیاسی و ئابوری و ئیرادی هەرێمدا. ئەوکاتەش کۆتاییهێنان بەدەسەڵات بوو بە خواست، بەڵام خۆپیشاندانەکان و نارەزایەتیەکان بەلاڕێدا بران لەلایەن حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوەو سواری شەپۆلی نارەزایەتیەکان بوون بە قازانجی خۆیان.

بەڵام لە ئێستادا و لەداوی ئەم مێژووەوە١٧/٢/٢٠١١ دە ساڵ تێپەڕیوە وخواستی کۆتاییهێنان بە حکومەت زیادی کردوە. خەڵک هیچ ئومێدو خۆشباوەڕییەکیان نە بە حکومەت و نە بەحزبە سیاسیە بۆرژوا ناسیۆنالیست و لیبراڵ و ئیسلامیەکان نەماوە. بەتایبەتی حکومەتی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کورد دەرگیری قەیرانی ئابوری و

## درێژەی .. ١٧ی شوبات، جولانەوەی جەماوەری شارەکانی.. گفتوگۆ لەگەڵ هەڵسوڕاوان

سیاسی قوڵی کەمەرشکێن هاتوە و لە توانایدا نیە ئەم قەیرانە تێپەڕێنێ و جێگیری ئابوری و سیاسی دەستەبەر بکات. ناتوانێ وەڵام بە کێشەکانی ناوخۆی خۆی و وەڵام بە داواکاری و داخوازیەکانی جەماوەری ناڕازی بداتەوە و دەست بۆ ریفۆرمی سیاسی و ئابوری بەرێت. بۆیە ئێمە پێمانوایە و پێشبینی دەکەین کە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان دەست پێبکەنەوە و خواست و داواکاریەکانی خەڵکی ناڕازی دەبێت بە خواستی کۆتاییهێنان بەم دەسەڵات و حکومەت و پەرلەمانە.

بینیمان لە ٢/١٢/٢٠٢٠ لەیەکەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکان، مامۆستایان و فەرمانبەران و کرێکاران و زەحمەتکێشان بە دروشمی بڕوخێ پەرلەمان و حکومەت دەستی پێکرد. لە شاروشارۆچکەکانی وەکو قەڵادزێ و ڕانیەو هەڵەبجەو سەید سادق و کەلار بنکە و بارەگای حزبە دەسەڵاتدارەکان و ئۆپۆزیسیۆنەکانیشیان سوتاند. ئەمە پەیامێک بوو ترسی خستە دڵی حزبە ناسیۆنالیست و ئیسلامی و لیبراڵەکانەوە...

پەیامی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵک کۆتاییهێنانە بەم حکومەت و دەسەڵاتە. بزوتنەوەیەک ئەوەندە بەهێزو قودرەت بێت دەتوانێ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە ئەنجام بدات، دەتوانێ دەسەڵاتی بۆرژوا ناسیۆنالیست کۆتایی پێ بهێنێت و کۆمەڵگا بەرەو گۆڕانکاری ڕیشەیی بەرێت.سەرکەوتنیشی بەندە بە فاکتەری هوشیاری چینایەتی و ئەڵتەرناتیڤی سیاسی و ڕێکخراوەیی و ئاسۆو تاکتیک و ستراتیژی شۆڕشگێڕانە.

بەڕای من نەخشەڕێگای ئەحزابی سیاسی بۆرژوازی لە هەرێمی کوردستان چ ئەوانەی لە دەسەڵات و چ ئەوانەی بەناو ئۆپۆزیسیۆنن، بەهەموو جیاوازیەکانیانەوە، ئەوەی کە هەوڵ دەدەن ڕێگاچارەیەک بدۆزنەوە بۆ تێپەراندنی ئەم قەیرانە ئابوری و سیاسی و دارایی‌یەی یەخەی حکومەتی هەرێمی گرتوە و پارێزگاری لەم فۆرمە لە سیستەمی سیاسی و ئابوری دەکەن و دەیانەوێ ڕێگا لە شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵک بگرن بەرەو گۆڕانکاری ریشەیی بەقازانجی خەڵک.

بەڵام ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر ڕێکخراوە چەپ و مارکسیستەکان، مەسەلەی سەرەکی لە ئێستادا کۆتایی هێنان بەم حکومەتە و دامەزراندنی دەسەڵاتی خەڵک و بەشداربوونی خەڵکە لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و ئابوری کۆمەڵگادا لەرێگای شورا و ڕێکخراوە کرێکاری و جەماوەریەکانەوە.

**ئاسۆ کەماڵ:** ڕاستە ئەم ناڕەزایەتیانە لەگەڵ خۆیدا وشیاری و تەجروبەی کرێکاران و فەرمانبەران و گەنجان و خەڵکی ناڕازی دەباتە ئاستێکی باڵاتر و بە دروشمەکانی "نا بۆ دەسەڵاتی ستەمکار، نا بۆ پەرلەمانی کارتۆنی ، نا بۆ ئۆپۆزسیۆنی ساختە" و سوتاندنی بارەگای حزبە دەسەڵاتدار و کۆنە دەسەڵاتدارەکانیشەوە دیارە. یاخود دروشمی "کۆتایی هێنان بە دەسەڵات" ناتوانێ ئەمانە پێوەری ئامادەیی بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵات بن. شکست هێنانی ریفۆرمی دەسەڵات لە لایەن ئۆپۆزسیۆنی بورژوازیەوە یەکسان نیە بە ئامادەیی بۆ کۆتایی هێنانی شۆڕشگێڕانە بەم دەسەڵاتەی سەرمایەداری لە کوردستان لە لایەن خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و لاوانەوە. ئەم ناڕەزایەتیانە بریتین لە بەرگری کردنێکی ناچاری چینی کرێکار و کارمەند وبێکار و کەم دەرامەتەکان بۆ مانەوە و پاراستنی ژیان لەبەرامبەر هێرشی دڕندانەی کەڵەکەی سەرەتایی سەرمایە لە کوردستان.

هەربۆیە دەبێ خوێندنەوەیەکی ترمان بۆ ئەم خەباتە جەماوەریە هەبێ کە پشتی بەستبێ بە لێکدانەوەی ئەو پرۆسەیە لە ململانێی چینایەتی و خەباتی چینایەتی لە کوردستان نەک بەو تێگەیشتنە زاڵەی ئۆپۆزسیۆنی بورژوازی کە لە دژایەتی دەسەڵاتێکی گەندەڵکار و پرۆژەی چاکسازی تایبەت بە شێوازی دەسەڵاتداری و دابەشکردنەوەی پۆست و داهاتدا لە نێو حزبە سیاسیەکانی ئێستادا دەیبینێ .

دوای ئەزمونی دەیەو نیوێک لەم خەباتە جەماوەریە بەردەوامە پێویستی بەوەیە کە هەنگاوە یەک لەدوای یەکەکانی خۆی دیاری بکا تا بتوانێ ڕووبەڕووی هەموو هەوڵەکان و قۆناغەکانی ئەم فشارەی حکومەتی هەرێم و لایەنەکانی بەشدار لەم ڕوتاندنەوە و هەژارکردنەی خەڵکدا بەشدارن، ببێتەوە. مەیدانی ڕووبەڕووبونەوەی سیاسەتی فرۆشتنی کەرتە حکومیەکان و بێکارکردن و درێژەدان بە بڕینی موچە و خزمەتگوزاریەکان وباجگیری و سەرکوت و چەندین مەیدانی تر ئەمڕۆ پێویستیان بە کۆکردنەوەی دەستە ناڕەزایەتیەکان و هەلسوراوانی کرێکاری و جەماوەری و کۆمۆنیست و چەپ و هەموو هێزێکی ناڕازی ئازادیخوازە کە بتوانین ئەم نەخشە سەراسەریانەیە کە دژی پلانەکانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان بوەستینەوە. ئەم خەباتە جەماوەریە ئێستا لە سەرەتادایە و پێویستی بە ئامادەکاری سیاسی و جەماوەری و ڕیکخراوەییە و نابێ بە هەڵگرتنی دروشمی "ڕامالینی دەسەڵات" پێمان وابێ کاری ئەم خەباتە جەماوەریە تەواوە و ئەو عەسا سیحریەی ڕوخانی دەسەڵاتمان بەسە تا سەرکەوین.

**جەمال موحسین:** ئەو پرسیارەی ئێوە زۆر شمولیە و زۆر لایەن لە خۆئەگرێت، بەڵام با من پرسیارەکە بەمجۆرە بخەمە بەردەم: جەماوەری ناڕازی کە ئێستا هەنگاوێک زیاتر لەپێناو وەلانانی دەسەڵاتدا چوتەپێشەوە، پێویستە چ ئاسۆیەکی لەبەردەمدا بێ و بە

## پاشماوەی .. ١٧ی شوبات، جوڵانەوەی جەماوەری شارەکانی.. گفتوگۆ لەگەڵ هەڵسوڕاوان

کردووە و لە ڕووی سیاسییەوە چ ئاراستەیەک بگرێ؟

سەرەتا ئەوە بڵێم کە هەلومەرجی ئێستا جیاوازە لە هی کاتی ١٧ ی شوبات. ئێستا دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد دەرگیری قەیرانێکی حکومەتی سیاسی ئیداری و ئابوریە. باڵەکانی بورژوازی خۆیان لەسەر پلان و بەرنامەیەک کۆک نین چۆن لەو قەیرانە هەمەلایەنەیە دەربچن، وە بگرە پلانێکیان نییە بۆ دەرچوون لێی. شکست و بنبەست بە جۆرێک ڕووی تێکردوون هەندێکیان خۆگرێ ئەدەنەوە بە ناوەندەوە و هەندێکیان ماوەیەک لەمەوبەر باسی هەڵبژاردنی پێشوەختیان ئەکرد. لە ڕستەیەکدا ئەوان ئەڵتەرناتیڤێکیان بۆ دەرچوون لەو دۆخەی خۆیان و کۆمەڵگەی تێکەوتووە پێ نییە. لەولاشەوە ڕووبەڕووی گرکانی تورەیی و بێزاری خەڵکن لە دەسەڵاتەکەیان کە لە دابینکردنی ژیان و بژێوی و پێداویستیە خزمەتگوزاری و تەندروستیەکاندا (بەتایبەتی لەم کاتی پەتای کۆرۆنایەدا) شکستیان خواردووە. هەربۆیە خواستی خەڵک بۆ وەلانانی ئەم دەسەڵاتە هەنگاوی بەکردەوەی هەڵگرتووە، هەروەک لە خرۆشانەکانی ئەم دواییانەدا بینیمان کە خەڵک هەرچی هێما و پیرۆزەکانی ئەوان و بارەگاکانیانە بە پێکهاتەکانی ناو دەسەڵات و دەرەوەیەوە سوتاندیان و بەمجۆرەش دەریان خست کە هەموویان لە یەک ڕیزدا و لە دژی خۆیان ئەیبینن. ئەتوانین بڵێین هێزهاوسەنگی نێوان خەڵک و دەسەڵات بەو ئاراستەیەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە کە خەڵک نارەزایەتیەکانی ڕووبکاتە ڕوخانی ئەم دەسەڵاتە و ئیتر پرسیاری ئەوە لەبەردەم خەڵکدا قوت ئەبێتەوە کە چۆن دەسەڵاتێکی پشت بەستوو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆ و سەربەخۆی خۆی وەک ئەڵتەرناتیڤ دابمەزرێنێ.

ئێستا کرۆکی سیاسی نارەزایەتی خەڵک ڕوو لەم دوو مەسەلەیەیە، یەک: خستنی ئەم دەسەڵاتە و دوو: دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ترە کە لەسەر دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خەڵکی بێبەش پایە دابکوتێ. بەڵام هەر یەک لەم دوو مەسەلەیە کە ئەبێ ئاسۆی سیاسی جوڵانەوە و خرۆشانی خەڵک بێ، پێداویستی سیاسی و عەمەلی خۆی بۆ هاتۆتە پێشەوە. ئیتر ئەوەی ئایا خەڵکی بێبەش ئێستا چۆن بیر لە ڕاپەرینێکی شۆڕشگێرانە ئەکاتەوە و چۆن خۆی بۆ ئامادەئەکات و چۆن بە سەرکەوتنی ئەگەیەنێت، ئەو پرسیارانەیە کە لەبەردەم جەماوەری کرێکار و بێبەش و نارازیانی ئازادیخوازدایە. لەبەردەم هەر حزبێکی سیاسیدایە، کە من پێم وایە جگە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هیچ لایەنێکی تر بە شوێن وەڵامدانەوەیانەوە نییە.

بەڵام هەر یەک لەو کەموکوری و لاوازیانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە، هێشتا وەک خۆی ماوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و کۆمۆنیستەکان بە گشتی لەبەردەم بەرپرسیاریتی دۆزینەوەی ئەو وەڵامە کردەییانەدان. بەتایبەتی خرۆشانی ئەم دواییانەش جارێکی تر نیشانی داوە کە بەپەرشوبڵاوی و بەهۆی نەبوونی ئاسۆیەکی شۆڕشگێرانەی ئەوتۆوە کە هەنگاو بە هەنگاو کۆمەڵگا و نارەزایەتیەکان بەرەو ڕاپەرینێکی شۆڕشگێرانە ببات و لەم ڕێیەوە دەسەڵات رابماڵێت و هەر لێرەشەوە بەردەکانی بناغەی دەسەڵاتێکی بنیاتنراو لەسەر ئیرادە و دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی جەماوەر دابنێ، دیسان سەرکوت ئەکرێن و پاشەکشەیان پێئەکرێتەوە. ئەمە ئەو ئاراستەیەیە کە پێویستە نارەزایەتی و جوڵانەوە و خرۆشانی جەماوەری بیگرێتە بەر. هەر ئەمەشە تەنانەت توانای ئەوەش پەیدا ئەکات تاکو کاتی ڕاپەرینی شۆڕشگێرانە بۆ وەلانانی ئەم دەسەڵاتە، خواستەکانی خەڵک لە دابینبوونی بژێوی و ئازادی دەستەبەر بکات.

بێگومان ئەمەش پێویستی بە حزبێکی پتەو هەیە تاکو ئەم ئاسۆیە بکات بە هەموو ئاسۆی کۆمەڵگا و هەنگاو بە هەنگاو نەخشە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش دابڕێژێ و بەرپرسانە لە هەر سەردەم و کاتێکی گونجاودا ئەو هەنگاوانە بە کردەوە دەربهێنێ.

★

# ئەم سیستەم و حکومەتە دەبێ بڕۆن.. ئیتر نۆرەی دەسەڵاتدارێتی جەماوەریە!

**نەخشەڕێگای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەرامبەر بە بنبەستی حکومەت و دۆخی ئێستای کوردستان**

**دەقی ئەم بەڵگەنامەیە لەسایتی حزبدا لەم ئەدرەسەوە بخوێننەوە: www.hkkurdistan.org**

### درێژەی ..گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە، سەبارەت بە:

# دانوسانی نێوان هەرێم و بەغدا

گرتووە و هەریەکەیان هەوڵدەدات، ئاکامەکانی قەیرانی خۆیان بەسەر ئەوی تریاندا بشکێنێتەوە، لەو نێوەشدا مووچەو قوتی هاوڵاتیان بکەنە بارمتەی ڕاستکردنەوەی باری لاریان بەرامبەر بەخەڵکی نارازی و بێدەرەتان.

لەبارەی هۆکاری بنبەستی گفتوگۆی نێوان هەرێم و بەغداش، بەڕای من مەسەلەکە لەدەرەوەی بابەتی گفتوگۆکانە، واتە کێشەکە دابینکردنی مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێم نییە، تەنانەت تێپەرکردنی بەشی هەرێم لەپرۆژە یاسای بودجەی عێراقدا نییە، وەک ئەوەی باس دەکرێت. بەپێچەوانەوە ئەم کێشانە کۆمەڵە بابەتێکن بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەیەکی سیاسی بونیادیتر کە دوای تێپەڕبوونی دەورەیەک لەپەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا هاتۆتەکایەوە. خودی کەنارکەوتنی حکومەتەکەی کازمی لە گفتوگۆکانداو گوێزانەوەی دانوسانەکان لەنێوان هەردوو حکومەتی عێراق وکوردستانەوە بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ لیژنەی داریی پەرلەمان و ئەو لایەنە شیعیانەی کە لە پەرلەماندا، سەنگەریان لەهەولێر گرتووە، بەڵگەن بۆئەوەی کە کێشەی نێوان هەرێم و بەغدا چۆتە ئاستێکی ترو دەورەیەکی تازەوە. ئەگەر بەشێوەیەکی ڕۆشنتر بڵێم: جێگاوڕێگای هەرێمی کوردستان و حاکمیەتێک کە دراوە بەحزابی ناسیونالیزمی کورد و هەموو ئەو ماف و ئیمتیازاتە ناوچەیی و ئیدرای و سیاسی و ئابوریەی کە وەک هەرێمێک لەدەستوری عێراقدا، لەسەر بنەمای مەسەلەی کورد جیگای پێدرابوو، وە لەم چوارچیوەیەشدا پەیوەندی نێوان هەولێرو بەغدای ڕێکخستبوو، ئێستا وەک خۆی نەماوە.

ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەرگای دەورەیەکی تازەی خستەسەرپشت و ئەو هێزهاوسەنگیەی کە لە نێوان هەولێرو بەغدا پێکهاتبوو، تێکوپێکی دا و لێرەشەوە حکومەتی عێرا ق و حزبە باڵادەستەکانی شیعە فرسەتیان هاتەدەست تا هەوڵبدەن بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ئیمتیازاتانەی پێشوو، کە لە چوارچێوەی دەستورو حکومەتی فیدراڵدا بە ئەحزابی ناسیونالیستی کورد درابوو. هاوکاتیش هەنگاو بەهەنگاو کاربکەن بەئاراستەی زاڵکردنەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی بە سەر هەرێمی کوردستاندا و تا ئاستی هەر پارێزگایەکی تری عێراق بچووکی بکەنەوە. گێرانەوەی کەرکوک بۆ سەر دەسەڵاتی عێراق، تا کردنەدەرەوەی هێزی پێشمەرگە لەناوچە جێناکۆکەکان، تا فشارو کێشمەکێشەکانی حوکمەت و لایەنە عێراقیەکان لەسەر فرۆکەخانەو خالەسنوریەکان، تا ڕاگرتنی پارەی جوتیاران و نەناردنی مووچەی فەرمانبەران و هەموو ئەو بەربەستانەی خرایەسەر ڕەوتی بازرگانی و هاتوچۆی نیوان شارەکانی هەرێم و خوارووی عیراق.. ئەمانە نیشان دەدەن کە کێشەی نێوان هەرێم و بەغدا، لەسەر دووبارە پێناسەکردنەوەی جێگاوڕیگای هەریم و ئیمتیازاتی حاکمیەتێکە کە زیاتر لە دەهەیەکە بەدەست حزبەکانی ناسیونالیزمی کوردەوەیە و جێگایەکی ناشازی لەپەیکەرەی حکومەتی عێرا ق و فیدراڵیزمەکەیدا گرتووە، کەچیتر بۆ لایەنە شیعیەکان قابیلی قەبوڵ نییە. کێشەیەکی ئاواش هەرجارە لەدەوری بابەتێک چەق دەبەستێت. دوێنی مانەوەی هیزەکان لەکەرکوک ورۆژی دواتر مەسەلەی خاڵە سنوریەکان و فرۆکەخانەکان بوو، ئەمرۆش ڕادەستکردنی مەلەفی نەوتی هەرێم بۆتە چەقی بردنەپێشەوەی ئەم کێشەیە.

کە دەڵێین ئەمرۆ دەورەکە گۆڕدراوە، واتە مەبەستمان بڵێین کە ئەمرۆ نەشەڕی داعش لەئارادایە کە جێگاوڕیگای کوردستان وهێزی چەکداری حزبەکان، وەک ناوچەیەک بۆ کردە سەربازیەکان سەیر بکرێ ونە هێزی پێشمەرگەش لەبەرامبەر عێراقێکی لاوازو سوپایەکی شکستخواردوودایە، تا بۆ پرکردنەوەی بۆشایە سەربازیەکان بەئیمتیازەوە پەنای بۆ ببرێت. تەنانەت ئەوەی کەپێشتر هەرێمی کوردستان، ناوچەیەکی گەرم بوو بۆ جووڵە دیبلۆماسیەکانی دەولەتان لەپێشیانەوە ئەمریکا و ئەورپا، ئێستا لەژێر کاریگەری ڕووداوەکاندا، نزیکە لەناوچەیەکی کەناری و ئەو بایەخەی جارانی نەماوە. ڕووداوەکانی ئەمریکا و هاتنەسەرکاری بایدن بەبێئەوەی ئاماژەیەکی سیاسی و دەخالەتی ئەمریکا لەسەر چارەنوسی هەرێمی کوردستان و ئەو کێشانەی کەلەگەڵ عێراقدا هاتۆتەکایەوە، بخاتە بەردەست، هەروەها چالاکبوونەوەی زیاتری ڕۆڵی ئێران لەعێراق و هەرەشە لاوەکیەکانی بۆسەر هەرێم، دواتریش سەردانی وەزیری بەرگری تورکیا بۆ عێراق و مەسەلەی ڕیکەوتن لەسەر کێشەی ئاوو کردنەوەی خاڵێکی سنوری کە ڕاستەوخۆ شارەکانی عێراق، ببسەتێتەوە بە بازرگانی تورکیاوە، بەبێئەوەی بەهەرێمدا تێپەڕبێت.. هەموو ئەمانە لەگەڵ ئەوەدا نیشانەکانی ئەو ئاڵوگۆڕەیە کە جیگاوڕێگای هەرێمی کوردستانی خستۆتە ژێرپرسیارەوە، هاوکات هاوسەنگی هێزی نێوان هەرێم و بەغدای، بەقازانجی حکومەتی عێراق وحزبە شیعەکان شکاندۆتەوە. لەوەها دۆخێکدایە کە ڕادەستکردنی مەلەفی نەوت کەشیعەکان داوای دەکەن و هەرێمیش ملی پێنادات، بۆتە گرێکوێرەی کۆبوونەوەکانی نیوان هەردوولا و بەبنبەست گەیشتنی.

بەڵام دیارە مەلەفی نەوت بۆ ئەحزابی حاکم لەکوردستان، بەتایبەتی بۆ پارتی

⟸

## پاشماوەی ..گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە، سەبارەت بە: دانوسانی نێوان هەرێم و بەغدا

بابەتێکی جەوهەریە و هاوشێوەی مەلەفەکانی وەک خاڵە سنوریەکان، داهاتی ناوخۆ و فرۆکەخانەکان.. نییە. تەنانەت مەلەفی نەوت بۆ پارتی هێشتا وەک مەلەفی کەرکوکیش نیە. بەدڵنیایەوە پارتی ئامادەیە لەسەر هەموو ئەمانە سازش بکات و تەسلیم بێت، بەلام تەسلیمکردنی مەلەفی نەوت بۆ ئەو نەک هەر بەهەوادابردنی دروشمی کوردستانێکی بەهێزە، کە بەستراتیژی ئەم دەورەیەی خۆی ناوزەدی کردبوو، بەڵکو بەمانای بڕینەوەی پەلی ئەودارەیە کەپایە و وجودی دەسەلاتە ناوچەییەکانی ئیستای بۆرژوازی کوردی لەسەر ڕاوەستاوە. نەوت بۆ پارتی و ئەحزابی حاکم لەکوردستان، سەرەرای ئەوەی کە سەرچاوەیەکی گەورەو سەرەکیە بۆ کۆکردنەوەی داهات و تالانچێتی و قایمکردنی کۆڵەکەکانی دەسەڵات و خۆ چەکدارکردن و راگرتنی هیزی میلیشیا و سوپایەکی لایەنگر لەڕۆشنبیران و میدیاکارو پیاوانی بنەماڵەی دەسەلاتدار، هاوکات گرنگترین هۆکارە بۆ ڕاکێشانی دەستی سەدان کۆمپانیای دەرەکی و لێرەشەوە پێکهێنانی پەیوەندیەکی فراوانی سیاسی و دیبلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتان و دەرکەوتنی ئەم حزبانە بەسەربەخۆ لەعیراق، لەکایەو مەحافیلە نێودەولەتیەکاندا. لەیەک ووتەدا پارتی ئەمارەتەکانی وەک کوەیت و بەحرەین و قەتەری لەبەرچاوە کە کوردستان لەچاویاندا کەمتر نیە، بەلام بەهۆی نەوتەوە چ جیگاوڕیگایەکیان هەیە. لەمەش زیاتر پارتی ئەوە باش دەزانیت کە لە دۆخی ئاڵۆزی سیاسی و ئابوری ئەمڕۆی عێراقدا، ئەگەر هەموو مەلەفی نەوت تەسلیم بەبەغدا بکات، وەک خواردنەوەی ژەهرێک وایە کە مەرگی ئەکیدی بەدواوەبێت، چونکە باش دەزانێت بە تەسلیمکردنی مەلەفی نەوت، نە کێشەکانی نیوان هەرێم و بەغدا کۆتاییان پێدێت و نەخودی کێشەی مووچەو بودجەو شایستە داراییەکانی هەرێم چارەسەر دەبێت، وەنە لایەنە شیعەکانیش دەست لەفشارەکانی خۆیان بۆسەر هەرێم و دەسەلاتەکەی هەڵدەگرن. بەتایبەتی لەدۆخێکدا کە ئاسۆیەک بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە ئابوریەو لەو گێژاوە سیاسییەی کە سەراپای عێراق و ناوچەکەی داگرتووە، دیار نییە. بنبەست و بێئاکام مانەوەی دانوسانەکانی هەرێم و بەغداش ڕیشەی لەم واقعیەتانەدایە.

**ئۆکتۆبەر: حکومەتی هەرێم دەڵێ لەئەگەری ڕێکنەکەوتنی هەرێم و بەغدا بژاردەی دیکەمان لەبەردەستایە، ئایا پێتانوایە ئەم قسەیە هیچ ڕاستیەکی تێدایە؟ ئایا ئەگەر ئەو دوو لایەنە ڕێک نەکەون، ژیان و گوزەرانی خەڵک چی بەسەردێت؟ دەکرێ خەڵک ژیان و چارەنوسی بداتە دەست ئەم یاریە بێئکامەی دەسەڵاتدارانی بەغدا و هەرێم؟**

**خەسرەو سایە:** بەجیا لەپڕوپاگەندەی حزبەکانی نیو دەسەڵات، لەباری سیاسیەوە بژاردەیەک ئەگەر بەدەست پارتی و حکومەتی هەرێمەوە بێت، کشانەوەیە لە پرۆسەی سیاسی عیراق، وەک خۆیان دەڵێن. بەلام ئەم بژاردەیە، لەدۆخی ئیستادا، جگەلە تەریکبونەوەی زیاتری هەرێمی کوردستان و قولبوونەوەی قەیرانی ئابوری و کێشەی نیوخۆی حزبەکان، کە هەموو ئەمانە بەزەرەری پارتی و دەسەلاتەکەیەتی، ئەنجامێکی تری بەدواوەنابێت. بۆیە ئەم بژاردەیە زیاتر پڕوپاگەندەی سەردەمی توندبوونەوەی کێشمەکێشەکانی نیوان هەرێم و بەغداو بێئەنجام مانەوەی دانوسانەکانە و پارتی لەمەوقعێکدا نیە تا بەکردەوە دەستی بۆ بەرێت. لەرووی دارایشەوە، تەنها بژاردەیەک لەبەردەستابێت، دابینکردنی مووچەیە بەپێی داهاتی مانگانەی حکومەت، کەدیارە ئەمەش بەلێبرینی لە٢٠٪ وە. بەڵام دۆخی هەژاری و بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاری و ئەو ڕقوبێزاریەی جەماوەری ناڕازی لەدەسەلات هەیەتی، ڕیگانادات بەوەی کە ئەم بژاردەیە، وەلامدەرەوە بێت. بۆیە درەنگ یا زوو نارەزایەتی جەماوەری دەسەڵات و حکومەتەکەی پارتی و حزبە هاوشانەکانی رووبەڕووی تەنگانەیەکی سیاسی دەکاتەوە. لەبارەی ئەوەشەوە کە ژیان وگوزەرانی خەڵک، لەئەگەری ڕێکنەکەوتنی هەرێم و بەغدا، چی لیدێت، بەدڵنیاییەوە دۆخەکە بەرەوخراپی و بەزیانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش تەواودەبێت. بەلام نابێت ئەوە لەبیربکرێ کە مەسەلەی باشبوونی دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک هەرگیز بە دانوسان و ڕێکەوتنی دوو دەسەلاتی گەندەڵ و تالانچیەوە نەباش دەبێ و نەچارەسەر دەبێ. چونکە ئەم دوو دەسەلاتە، دەسەڵاتی خاوەن سەرمایەو کۆمپانیاکانن و لەسەر حسابی هەژاری و بێکاری و بێدەرەتانی و دزینی داهات و ڕەنجی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش گیرفان پڕدەکەن. واتە ئەوە کارنامەی ئابوری و سیاسی و سەرمایەدارانەی هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمە کە هەژاری و نەداری و بیکاری و ئەو درزە چینایەتیەی پێکهێناوە، نەک ڕیکەوتن و ڕێک نەکەوتنی نیوانیان. ساڵانێک کە ئەم دووحکومەتە لەقاڵبی فیدرالیزمێکی قەومی وئاینیدا کێکی دەسەلاتیان دابەشکرد و لەزەلکاوی گەندەڵی و تالانیدا نقوم بوون، هەرئەوکاتە بێدەرەتانی گەنجان و خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت و نەبوونی خزمەتگوزاری، شەپۆلی دا. بۆیە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، هەم لەشارەکانی عێراق و هەم لەکوردستان، نابێت بەدیار کایەی سیاسی و ئەنجامی کۆبوونەوەکانی نێوان ئەم دوو دەسەلاتە گەندەڵ و تالانچیەوە دانیشن و پێیانوابێت لەم ڕیگایەوە ژیانیان باش دەبێت!.. بەپێچەوانەوە دەبێ سەرچاوەی نەگبەتی و

# دنیایەکی باشتر

## لەبەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە

به درێژایی مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، گۆڕینی جیهان و بەدیهێنانی دنیایەکی باشتر ئاوات و ئامانجی هەمیشەیی ئینسانەکان بووە. سەرباری برەوی بیروباوەڕە قەدەری و خورافییەکان تەنانەت لە دنیای بەناو مۆدێرنی ئەمرۆشدا، بە دینی و غەیرە دینیەوە، کە هەریەکەیان بە جۆرێک جارِ بۆ بێ چارەسەربوون و موقەدەربوونی هەلومەرجی زاڵ دەدەن، ژیانی واقعی و کردەوەی ڕۆژانەی جەماوەری فراوانی خەڵک هەمیشە بەڵگەی ئومێد و باوەڕێکی قووڵە بەوەی کە ئایندەیەکی باشتر نەک هەر ئیمکانی هەیە بەڵکو حەتمیشە. ئومێد بەوەی کە دنیای سبەینێ دەکرێ لە بێبەشی و کوێرەوەری و کەموکوڕی و دزێویەکانی دنیای ئەمرۆ بێبەری بێت، باوەڕ بەوەی کە کردەوەی دەستەجەمعی و فەردیی ئەمرۆی ئینسانەکان، دەور دەگێڕێ لە دیاریکردنی چۆنێتی دنیای سبەینێدا، مەیلێکی ڕیشەدار و بەهێزە لە کۆمەڵگە کە ژیان و هەڵسووکەوتی جەماوەری فراوانی خەڵک ئاراستە دەکات. کۆمۆنیزمی کرێکاری بەرلە هەرشتێک سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئێرە، بۆ ئومێد و باوەڕی ئینسانە بێشوومارەکان و وەچە یەک لە دوای یەکەکان بەوەی کە بنیاتنانی ئایندەیەکی باشتر، جیهانێکی باشتر، بەدەستی خودی ئینسان، زەرووری و مومکینە.

★

## بەڵگەنامەی ١٧ شوبات تا ١٩ی نیسان چیمان فێردەکات ؟




دەتوانن لەسایتی حزبەوە بیخوێننەوە
www.hkkurdistan.org

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنووسەر : موحسن کەریم
00964(0)770 047 5533
muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

### پاشماوەی ..گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە، ...

نەهامەتیەکانی ئەمرۆ و هۆکاری هەژاری و نەداری و ئەو بێدەرەتانیەی رووی لەزۆرینەی خەڵک کردووە، له وجودی ئەم حکومەت و نیزامە سیاسی و ئابوریەدا ببیننەوە کە چەندین ساڵە ژیانی ئەوان دەهاڕێت. کێشەوهەرای هەردوو حکومەتەکەی بەغداو هەرێم، کێشەو دەعوای چینی دەسەلاتدارو سەرمایەدارە، لەسەر بردنی زیاتری بەشەداهات و بەرینکردنەوەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان. ئەمەش هیچ بەرژەوەندیەکی خەڵکی تیدانیە، بۆیە دەبێت ئومید و خواستی باشکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەژارو برسی، بەخەبات بۆ وەلانان و روخانی ئەم دەسەلاتەوە گرێ بدرێتەوە. تا کاتێکیش کە هیزی جەماوەری نارازی نەیتوانیوە ئەم دەسەڵاتانە سەرەوژێر بکات و دەسەڵاتدارێتی جەماوەری خۆی بخاتە جێگای، ئەوادەبێت یەخەی دەسەلاتدارن بگرێ لەوەلامدانەوە بە مووچەو بژێوی هاولاتیانی بندەستیان. دەبێ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش مووچەو بژێویان لەدەرەوەی پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغدا ببینن و ڕاستەوخۆ یەخەی دەسەلاتدارانی بۆ بگرن و ڕایگەیەنن کە ئیمە مووچەو ژیانمان دەوێت.. مادام ئێوە ئیدعای حکومەت دەکەن، ئەرکتانە مووچەو خزمەتگوزاری و بژێوی ئێمەش دابینبکەن..

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:
عوسمانی حاجی مارف
mob: 00964(0)7701570050
Email; osman_maruf@yahoo.com

جێگری سکرتێر:
موحسین کەریم
Mob:00964(0)7700475533
Email:muhsin_km@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات؛
دەشتی جەمال:
Mob:0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com
نوری بەشیر:
Mob:0044(0)747604121
Email; nooribashir1@yahoo.com